*RÊKXIRAWI XWÊNDKARANI SOSYALISTI KURD LE EWRÛPA*
*SOCIALIST ORGANISATION OF THE KURDISH STUDENTS IN EUROPE (SOKSE)*
*SOZIALISTISCHE ORGANISATION KURDISCHER STUDENTEN IN EUROPA (SOK*

# پەیڕەو و پڕۆگرامی
# ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالستی کورد
# لە ئەوروپا

SOKSE

1989 - 2601

با کوردایەتی و کوردستانی بوون بزوێنەری خەباتی خوندکاران بێت لە دەرەوەی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی خوێندکاری سەرانسەری پتەودا .

کونگرەی حەوت

# پەیڕەو و پڕۆگرامی

# ڕێکخراوی خوێندکارانی سوسیالیستی

# کورد لە ئەوروپا

# SOKSE

پەسەندکراوی کۆنگرەی حەوت
١٤–١٦ تەموزی ١٩٨٩
شتوتگارت ـ ئەلمانیا

## **(( بەرنامە )) **

مەسەلەی نەتەوایەتی کورد، مەسەلەی میللەتێکی ژێر دەستەو چەوساوەی نیشتمان بەشبەشکراوی داگیرکراوە. زوڵم و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی( بە چەوساندنەوەی چینایەتی و ئابووری و سیاسی و فیکری، لە درندەترین شێوەو جۆری دا ) سەرپاکی نەتەوەی کوردی گرتۆتەوە. کوردایەتی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی دیموکراتیکی نەتەوایەتی کوردە بۆ بەدیهێنانی( مافی دیاری کردنی چارەنووسی ئازادانەی)، بەیەکگرتنەوەی کوردستان و ڕاگەیاندنی کیانی سەربەخۆشیەوە. لەم سەرەڕێیەدا هەر هەنگاوێ نەتەوەکەمان لە ئامانجە سەرەکیەکەی نێزیک کاتەوە سەرکەوتنێکە ،کەدەبێت وەک دەرفەتێ بڕەخسێندرێ بۆ سەرکەوتنی گەورەترو پێشکەوتووتر.

بزووتنەوەی کوردایەتی، کە بزووتنەوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، میللەتێکی ژێردەستەو چەوساوەیە نەنەسیعەت ناوەرۆکێکی دیموکراتیکی پێشکەوتووی هەیەو ئەلقەیەکە لە زنجیرەی خەباتی ڕزگاری خوازی گەلانی چەوساوەو ئازادیخوا و هاوسەنگەرو دۆستی بەرەی ئاشتی و سۆسیالیست و بزووتنەوەی کرێکارانی جیهانە ...و دژی داگیرکەرو ئیمپریالیزم و فاشیزم و ڕەگەزپەرستایەتییە. خانەی سروشتی و خۆڕسکیی بزووتنەوەی کوردایەتی بەرەی گەلانە، و چارەنووسی بەندە بە پاکتاو کردنی چەوساندنەوەو ئیمپریالیزم و فاشیزم و ڕەگەزپەرستایەتی لەسەرتاسەری جیهاندا. ئەمەش گونجاوە لەگەڵ خەسلەت و تایبەتکاریی مەسەلەی نەتەوایەتیمان و دەوڵەمەنترو گەشەدارترو فراژی تریشی دەکات.

کوردایەتی، بزوێنەرو هاندەرو باوەڕو فەلسەفەی بیری نەتەوایەتی کوردو بزووتنەوەکەیەتی کەلەجەرگەو ناخی پێویستی و داخوازیەکانی کۆمەڵانی بەر بەریی کوردەواری هەڵقوڵاوە، دەوڵەمەندو موتوربە کراوە بەبەرهەمی بیری پێشکەوتوو و دیموکراتیکی مرۆڤ دۆستی مرۆڤایەتی.

مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی و پیشەیی، مەسەلەی ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی، و هەموو سەروبەرێکی دیکەی کۆمەڵگەی کوردەواری پێکەڵ پێکن و لە چوارچێوەی مەسەلە میللیە گشتیەکەدا خۆیان دەنوێنن... بێ بەدیهێنانی ئامانجە بنەڕەتیەکانی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد ( کە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و یەکسانی و دیموکراتیکی کوردە ) هیچ مەسەلەیەکی کەرتی ئەو مەسەلە گشتیە بەجیا پێک نایەت... مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیش تەنیا مەسەلەیەکی سیاسی ڕووت نیە، مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە، کە ئەرکی ڕاپەڕاندن و بەدیهێنانی لەئەستۆی هەموو کوردێکی دڵسۆزەو لە سوودو بەرژەوەندی چینە زەحمەتکێش و ستەمدیدەو تێکڕای ڕەنجدەران و دڵسۆزانی نەتەوەکەمانە، تەنێ ئەو تاکە تاکەو دەستەو تاقم و توێژانەی خۆیان بەلای داگیرکەردا ساغ کردۆتەوەو دەبنە بەشێ لەو ڕژێمە داگیرکەرانەی کوردستان کە دوژمنی ناوخۆی بزوتنەوەی کوردایەتین.

ئێستاش پاش ئەوەی کەمەترسی ڕووداو و گۆڕانکاریەکان لە کوردستاندا شێوەو شێوازی نوێیان بەخۆوەگرتووە و ستراتیژ و سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی نەتەوەکەمان بە ( فعلی) بۆلە لەناوبردن و قڕکردنی کورد بە جۆرەها چەکی مۆدێرن و ئامرازی تەکنولۆژی کاریگەرو پێشێلکردنی بڕیارە دەوڵەتیەکانی قەدەغەکردنی ئەم چەکانە .

تاوانی میژوویی بۆمباباران‌کردنی هەڵەبجەو شەهید کردن‌و بریندارکردنی پتر لە ١٥ هەزار لە خەڵکی خۆڕاگر و بێ تاوانی ئەم شارە لە ٨٨/٣/١٦ دا و ڕاونان‌و دەربەدەرکردنی زیاتر لە ١٥٠ هەزار کوردی گوندەکانی بادینان هەر چەند مانگێ دوای کارەساتی هەڵەبجە،دوو نموونەی ئەم ستراتیژییە نوێیەن .
بەرامبەر بەم سیاسەت‌و ستراتیژیانەی داگیرکرانی کوردستان وەرچەرخانێک لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی‌کوردایەتی دا ڕوویداوەو لایەنەکانی ئەم بزووتنەوەیە زیاترهەوڵی تەبایی و لێکنزیک بوونەوە ئەدەن بە ئامانجی یەکخستن و بەرەوپێش بردنی خەبات‌و دانانی ستراتیژی لە بارو گونجاو بو قۆناغی خەباتی ئەمڕۆ . .بەرەی کوردستانی عیراق و بەرەی تاقگەر دوو هەنگاوی پۆزەتیف و دڵخۆشکەری ئەم قۆناغەن .

لەم قۆناغەداو لەبارو هەل و مەرجی وەکو ئەوڕۆکەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەمان دا دەبێ هەموو ناکۆکییە لاوەکییەکانی نێو دەرروونی کوردایەتی لە بۆ خاتری تاو بێ سەندنی و خۆتەرخانکردن بۆ ناکوکییە سەرەکییەکەی دەرێی دژ بە داگیرکەران خاوکرێنەوەو ڕێ بە درز تێبوونی ڕیزەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و بزووتنەوەی کوردایەتی نەدرێ. . . بە هەر چەک‌و بەهەر شێوەو شێوازێکی دەست پێدا ڕاگەیشتوو، بەهەرتاکتیک و هونەرێکی سیاسی - ناودامێنی ستراتیژییە گشتییەکە- بۆ سەرکەوتنی لەم جەنگە پیرۆزو چارەنووس سازەماندا ، ڕەوایەتی لە ڕەوایەتی مەسەلە میللییەکەمانەوە وەردەگرێ و دەبێ بێ و دووی لێ نەکرێت‌و بزووتنەوەی سیاسی و فیکریی کوردی پێ دەوڵەمەند کرێ و سەرکەوتنی مسۆگەر کرێت . . . هیچ أعتبارێ سەروو سەرکەوتن لەم جەنگە پیرۆزو ڕەوایەدا ناکەوێتەوە .

لەم واقع و ڕاستی‌یانەوە، ڕۆشنبیران بە گشتیو قوتابی و خوێندکاران بە تایبەتی کەمێنی هەرە زیندوو و گەش وهیوای باشەڕۆژی کۆمەلگەن بەرستەمی داگیرکەریی و چەوساندنەوە کەوتوون و ئەرکی نەتەوایەتی‌یان لە ئەستۆیەو مەشخەڵ بە دەستی ڕێی خەبات ... بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد بەشێکە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان.
ئامانجەکانی قوتابیان و خوێندکارانی کورد لە چوارچێوەی بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتیەکانی کورد دا نەبێت پێک نایەت، بۆیە پەیوەندیەکی دینامیکی و نەپساوەو لێک جیا نەبووەوە لە نێوان بزووتنەوەی پیشە سیعەت و ئامانج دیاری قوتابیان و خوێندکاران و بزووتنەوەی سیاسی،کۆمەلا-یەتی، ستراتیژیی کوردایەتی دا هەیە. قوتابیان و خوێندکا-رانی کورد، .کە هەردەم (( نووکە ڕمی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان بوون))، قوتابیان و خوێندکاران پێنووس بە دەستو تفەنگ لەشان و خەباتگێڕی خەباتی سیاسی نهێنی و دەنگدەرەوەی وبستو خواستەکانی جەماوەری بەربەرینی نەتەوەکەمان بوون، ئەرکی میللی خۆیان لە سەنگەرەکانی پێشی پێشەوەی کوردایەتی بەجێ گەیاندووە.
ئێمەی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد، کە هەڵگرانی بیری نەتەوایەتی دیموکراتیکی ئازادیخوای کوردین و درێژەی بیری نەتەوایەتی دیموکراتیکی ئازادیخوای سەرگۆڕەیانی خەبات لە کوردستان دا، لە ١١ ی ئەیلولی ١٩٨٠ دا وەک پێویستی‌یەکی بابەتی، لە چوارچێوەیەکی سەربەخۆدا، پێمان ناوەتە مەیدانی خەباتەوەو بەشداریمان لە خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی نەتەوەکەمان دا کردووەو خەباتی خوێند-کارانەمان بەشێک بووە لە خەباتی کوردایەتی. لە هەمان کات دا ئامادە بووین و ئامادەین بۆ هەر چوارچێوەو شێوازێکی گونجاو و کاریگەری خەباتی نێوکۆیی و یەکێتی‌یەک، کە خەباتی هەموو قوتابیان و خوێندکاران یەک خات.

## **(( پێڕەوی ناوخۆ )) **

### ١ـ ناو و دروشمی ڕێکخراو:

أ ـ ناوی ڕێکخراو:

١ـ بە زمانی کوردی ( ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا).

٢ـ بە زمانی عارەبی ( منظمە الطلبە الاشتراکیین الکرد فی اوروپا ).

٣ـ بە زمانی ئینگلیزی (Socialist Organisation Of The Kurdish Students In Europe. • بە کورتەکەی (SOKSE)

ب ـ دروشمی ڕێکخراو:

دروشمی ڕێکخراومان :( لە پێناوی ڕۆشنبیرییەکی پێشکەوتووانە و سۆسیالیستانە، بۆ پاراستن و گەشە پێدانی کولتووری نەتەوەییانە ) بە، کە ئامانجە گشتییەکانی ڕێکخراومان دەنوێنێ.

### ٢ـ هەڵکەوت و باسا گشتییەکانی ڕێکخراو:

١ـ ڕێکخراومان ڕەنگدانەوەی بزووتنەوەی قوتابیان و خوێندکارانی نەتەوەیی نێو وولاتەو خەبانمان بەشێکە لە خەباتی هاوبیرانی بیری نەتەوەیی کورد لە کوردستان دا.

٢ـ بەبەرچاوگرتنی بارو هەل و مەرجی تایبەتی ئەورووپا و هەندەران و هاوکار لەگەڵ هاوبیرانی کوردستان و بە ڕێنمویی هاوبیرانی بیری نەتەوەیی‌و لەبەر ڕۆشنایی پێویستی و پێداویستییەکانی خەباتی ڕزگاری خوازی نەتەوەکەمان بشکە ئەرکی میللی خۆمان هەڵدەگرین و

خەباتمان تاو پێ دەسەنێن.

٣- بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد بەشێکە لە بزووتنەوەی گەلانی ژێردەستەو چەوساوەو لەبیرەوەبراو.و هاوسەنگەری هێزەکانی دژ بە ئیمپریالیزمو فاشیزم و داگیرکەری و چەوساندنەوەو ڕەگەزپەرستییە.

٤- بزووتنەوەی خوێندکاران بەشێکە لە بزووتنەوەی گشتی کوردایەتی. بەرژەوەندیی گشتی کوردایەتی سەروو هەموو شتێکی دیکە دەکەوێتەوە.

٥- ڕێکخراومان مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لەسەرتاسەری کوردستان دا بە مەسەلەیەکی یەکپارچەو جیانەبووەوە دەزانێ و هەموو چالاکییەکی لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا دەبێت.

٦- ڕێکخراومان یەکێتی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بە مەرجی هەرە سەرەکی و بەردی بناغەی سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان دەزانێ، بۆیە دەست لە هیچ کارو چالاکی و هەنگاویکی هاوکاری و کاری نێوکۆیی و یەکێتی و یەک بوون ناگێرێتەوە.

٧- ڕێکخراومان پاراستنی ڕیزەکانی کوردایەتی و سەری نەتەوەیی کورد لە دەردوودوویی (کۆسمۆپۆلیتی و خۆ لەبیرچوونەوە) و (خۆ ونکبناسەوەو خۆ وەتای حسنەوە) بەمەرجی هەرە گرنگی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی دیموکراتیکی نەتەوەکەمان دەزانێ. بە توندی بە گژکبانی هەلپەرستی و پشوو سواری و بیرو ڕەفتاری ڕاست ڕەوی کومڕاو چەپڕەوی هەرڕانەدا دەچێنەوە.

٨- ئەگەرچی ڕێکخراومان ڕێکخراوێکی پیشەییەو سیمای کۆمەلایەکی پیشەیی بە خۆوە گرتووە، بەڵام ناکرێ لەسەرجەم

بارو هەل و مەرج و ( تیار)ی گشتی خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەکەمان دابڕێ، بەڵکو خۆی بە بەشێکی زیندوو و پێشڕەوەڵی ئەو خەباتە نەتەوایەتییە دادەنێ.

٩- ڕێکخراومان لە درزی دەروازەی سوودو بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردەوە، بەبەرچاوگرتنی هاوخەباتێتی لەگەڵ خەباتی دیموکراتیکی گەلانی ناوچەکەو هەموو گەلانی ئازادیخواز، دەڕوانێتە ڕووداوەکان و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. هەموو چالاکیەکیشی هەر بەو پێوانەیە دیاری دەکرێت.

١٠- ڕێکخراومان خۆی لە مل ملانێی نێو دەوڵەتان دوور دەگرێ و بابی پێکهاتنی سوودو بەرژەوەندی نەتەوەکەمان هەڵوێست وەردەگرێت.

١١- ڕێکخراومان لەدیدی باوەڕ بە یەکسانی جوو یەکسی ( ئافرەت و پیاو) لە کۆمەڵگەدا، هەوڵ دەدات بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی و مافی کۆمەلایەتی ئافرەتی کورد لەکۆمەڵگەدا و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆیان لە خەباتی ڕزگاری خوازی نەتەوەکەماندا.

## ٣- ئامانجەکانی ڕێکخراو:

١- ڕێکخراومان هەوڵ دەدات کولتوری نەتەوەیی کوردو مەسەلەی نیشتمانیی کوردستان بە ئەوروپاییەکان و گەلانی دی بێگانە بناسێنێت، ئەوەش لە ڕێگەی خوێندنەوەی کونارو لە ڕۆژنامەنووسین و نامیلکە دەرکردن و پێوەندی کردنی ڕاستەوخۆ و بەشداری و هاوکاری کردن لەگەڵ دام و دەزگا ڕۆشنبیری و کۆمەڵەو ڕێکخراوە پیشەیی و خوێندکاریەوئیدی کوردو بێگانەدا.

٢- ڕێکخراومان هەوڵ دەدات بۆ پەیداکردنی دۆستی دڵسۆز بۆ

نەتەوەی کورد لە ڕیزی گەلانی ئەوروپایی و گەلانی دی دا .

٣- ڕێکخراومان بۆ جیاوازی،و لەبەر ڕۆشنایی سوودو بەرژەوەندی نەتەوەی کورد دا ، لەگەڵ هەموو ڕێکخراو و دام و دەزگایەکی پێشکەوتووخوازی دژ بە ( ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستی و ڕەگەزپەرستی) هەرەوەزی دەکات .

٤- ڕێکخراومان بە پێی هەل و مەرجی هەندەران، بەنداری و کۆمەک و پشتگیری خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لەسەرتاسەری کوردستان دا دەکات .. بۆ پێکهێنانی کیانی یەکگرتووی سەربەخۆ و ئازاد

٥- ریسواکردنی سیاسەتی شۆڤێنیستانەو ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و پەردە هەڵماڵین لە ڕووی سیاسەتی چەوساندنەوەو تواندنەوەی ((نەتەوایەتی)) کورد لە لایەن ئەو رژێمانەوە.

٦- بۆ ناساندنی مەسەلەی ڕەوای کورد بە ڕای گشتی دیموکراتیک و پێشکەوتوو و ئازادیخوا و مرۆڤ دۆستانی دنیا و هەوڵی دۆست پەیدا کردن بۆ بەرگری لە مافی ئنسانی و نەتەوایەتی کوردو بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی کۆلۆنیالیانەی داگیرکەرانی کوردستان.

٧- لێک تێگەیشتن و پێک گەیشتن لەگەڵ بزووتنەوەو ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵە دیموکراتیک و پێشکەوتووە بەرچاو ڕوونەکانی گەلانی سەردەستەمان، ر ناوچەکە بەمەبەستی یەکخستنی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردایەتی‌و خەباتی دیمکراتیکی ئەو گەلانە بۆ بەرەنگاربوونەوەو لەناوبردنی دوژمنە هاوبەشەکانمان کە بەر لەهەموویان خودی ئەو رژێمە.

فاشیست و دیکتاتۆرو تۆتالیتیرانەی داگیرکەرانی کوردستان، بۆ پێکهێنانی پەیوەندیەکی نێونەتەوەییانەی دروست لەسەر بناغەی ڕێزی بەرانبەرو مافی هاوتاسی و مارەسەی ( مافی دیاری کردنی چارەنووسی ئازادانە ) بۆ هەموو گەل و نەتەوەکانی دنیا بەنەتەوەی ئێمەشەوە.

٨- ڕێکخراومان ئەو کەمەنەتەوەییە ڕەسەنانەی کە لە کوردستاندا دەژین بە هاوچارەنوسی نەتەوەکەمان دەزانێ وەکو کورد بەرگری لە مافی نەتەوایەتییان دەکات و هەوڵی بۆدەدا ... لەمەوە پشتگیری تەواوی ماف وخواستە ڕەواکانیان دەکات و بەوەی لەدەستی بێت کۆمەک بە پاراستن و گەشەپێدانی کەسایەتی تایبەتی و سەربەخۆیان دەکات ، هەروەها باشترین جۆری پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە تایبەتیەکانی ئەو کەمە نەتەوەییانە دەبەستێت

٩- هاوکاری لەگەڵ دامودەزگا ڕۆشنبیریو فەرهەنگیو کولتوریو پیشەییە کوردیەکانی نێو کوردستان و هەندەران،کە خزمەتی مەسەلەکەمان دەکەن،دەکات.

١٠- پاراستنی کولتور و دابودەستورە کوردەوارییە بەشکەوتووەکان لە نێو ئاوارە کوردەکاندا و پاراستنی کەسایەتی کوردی.

١١- پارمەتی دانی خوێندکار و کوردە ئاوارەکان بەوەی لە دەستی دێت لە ڕوی مادی مەعنەوی و ئەدەبیەوە.

## ٤- بەدەست هێنانی مافی ئەندامێتی لە ڕێکخراودا:

١- هەر خوێندکارێکی کورد کە پەیڕەوپڕوگرامی ڕێکخراو پەسەند بکات دەتوانێ بە نووسین داوای ئەندامێتی بکات

٢- دانی مافی بوونەئەندام تەنیا بە دەستی کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتی گشتییە، بەڵام پاش وەرگرتن و تاوتوێکردنی ئەو لقانەی پەیوەندی دارن و دەبێت بەلایەنی کەمەوە هاوبیرێک پێشنیاری نێردرا و پاڵپشت بکات.

٣- هەر خوێندکارێک داوای ئەندامێتی کرد، پاش گەیشتنی داواکەی لە ماوەی دوو مانگدا وەرامی دەدرێتەوە.

٤- هەر خوێندکارێک بیرێکی ئەوتۆ بڵاوبکاتەوە کە زیان بە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردو ئاواتەکانی لە ڕزگاری و سەربەخۆییدا بگەیەنێت، بەهیچ جۆرێک مافی ئەندامێتی نادرێتی.

٥- نابێت ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی خوێندکاری تر بێت.

٦- پێویستە هەموو ئەندامێک ئابوونەیەکی مانگانە بدات کە بە پێی دەستکەوتی مانگانەی دیاری دەکرێت.

ئەرک و مافەکانی ئەندام :-

١- هەر ئەندامێک لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوەدا بێ پاکانەیەکی بەجێ (٣) جار لەسەر یەک ئامادە نەبێت، لە لایەن لیژنەی لقەوە بە نووسین ووریا دەکرێتەوە، خۆ ئەگەر هاتوو لەسەر نەهاتن سوور بوو ئەوا تا بەستنی کۆنگرەی داهاتوو هەڵدەسپێردرێت.

٢- هەر ئەندامێک بە بێ پاکانەیەکی بەجێی وا کە بسەلمێنرێت مانگانەی خۆی نەدات، ووریا دەکرێتەوەو پاش دووبارە بوونەوەی تا کۆنگرەی داهاتوو سڕدەکرێت.

٣- مافی ئەندامێتی لە هیچ هاوبیرێک نادرێتەوە بێ بڕیاری کۆنگرەی گشتی.

١٢- هەموو ئەندامێک دەبێت دەستەبەرێت بەوەی چی پێ دەسپێردرێت دڵسۆزانە بەجێی بهێنێت ، بەمەرجێ ئەو کارەی دەدرێت بەسەریدا لە توانستی بەدەر نەبێت و پێی هەڵسوڕێت .

٩- پێویستە لەسەر هەموو ئەندامێک لەگەڵ هاوبیرانی دیدا هەرەوەزی بکات ، پشتیوانی کردنی یەکدی و ڕێز لەیەک گرتن یەکێکە لە مەرجە گرنگ و بنچینەییەکانمان.

## ٥- ڕێکخستنی ڕێکخراو:

ڕێکخراو لە کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتی گشتی و چەند لیژنەیەکی لێ پێک دێت :

١- کۆمیتەی بەڕێوەبەریتی گشتی : لەمانەی خوارەوە پێک دێت :

أ- سکرتێری گشتی: ئەو کەسەیە کە سەرپەرشتی کاروباری بەڕێوەبردنی ڕێکخراو دەکات بە هەموو لقەکانیەوە ، هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا تازە دەکرێتەوەو بەرپرسیارە لەبەردەم کۆمیتەی بەڕێوەبەردا .

ب- لیژنەی ڕۆشنبیری: ئەو لیژنەیەیە کە ڕێڕەوی بیروباوەڕی ڕێکخراو تارادە دەکات . هەموو بڵاوکراوەیەکی فەلسەفی و ڕۆشنبیری و ئیدیۆلۆژی لە لایەن لێ پرسراوی لیژنەوە یان بەرێ نوێنی ئەو دەردەچێت و لەبەردەم کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیدا بەرپرسیارە .

ج- ریکخەری دەرامەت: ئەو کەسەیە کە کاروباری دارایی ڕێکخراو ڕێک دەخات و بەرپرسیارە لە بەردەم کۆمیتەی بەڕێوەبەردا .

د- دوو ئەندامی جێگر: پێویستی سەرشانیان پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەیە کەلە کۆمیتەی بەڕێوەبەردا بەدا دەبێت ، هەردووکیان بەرپرسیارن لەبەردەم کۆمیتەی بەڕێوەبەردا .

سەرنج: کۆمیتەی بەڕێوەبەر بەرامبەر هەموو کاروبارەکانی لەبەردەم کۆنگرەی گشتی دا بەرپرسیارە .

٢- لیژنەی لقەکان: لەهەر وڵاتێکی هەندەران سێ (٣) هاوبیری " سۆکسە" یان پتری لێ بوو وکۆمیتەی بەڕێوەبەرابەتی گشتی ڕێکخراو بە پێویستی زانی و ئەوەی تێدا ڕاسی کە دەتوانن بە ئەرکەکانی "لق" هەستن بۆی هەیە ناوی"لق" ێکی ڕێکخستنی ((سۆکسە)) یان لێ بنێ و لە ژێر چاودێری خۆی و چوارچێوەی بیروباوەڕو بەرنامەو سیاسەت و ڕێبازی ڕێکخراودا ـ کە ئەمانەش ڕەنگدانەوەی نێو وڵاتن ـ بکەوێتە کار .

أ- کارەکانی لق:

١- چالاکی ڕێکخستن: "لق" ئەو هاوبیرانەی لە سنووری چالاکی خۆی دا بیروباوەڕو بەرنامەو سیاسەت و ڕێبازی ڕێکخراو دەسەلمێنن و ئامادەن لە چوارچێوەی داڕێژراوی دا کاربکەن، ڕێکدەخات و ئاسەو لیژنەی ڕێکخستنیان لێ دروست دەکات .

٢- چالاکی گشتی:

أ- لق بەرپرسیارە لەوەی کەبەوەندەی پێی دەکری بەشداری هەموو چالاکیەکی تایبەتی و نێوکۆیی و

گشتی خزمەتگوزارانە بە ڕەوتی برووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان چ ( سیاسی) و چ ( ڕۆشنبیری) بکات .

ب- لەسەر ڕۆشنایی بەرنامەو سیاسەت و ڕێباری ڕێکخراودا و سوودو بەرژەوەندی نەتەوەکەمان و سیاسەتی بڕیاردراوی نێو وڵات و لە ژێر چاودێری کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دا توندو تۆڵ ترین و چێترین پەیوەندی کوجا و لەگەڵ هەموو ڕێکخراو و کۆڕو کومەلێکی کوردی دەبەستێ.

ج- هەر بە پێ ی ڕێ و ڕەسمی ئەو برگەبەی سەرێ، پێوەندی دۆستانەو هاریکارانە لەگەڵ هەموو ڕێکخراو و کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و پیشەیییە دیموکراتیک و پێشکەوتووە هاوپەیمان و دۆستانی بزووتنەوەی نەتەوەکەمان دەبەستێ.

٣- چالاکی ڕۆشنبیری: لق دەتوانێ پاش ڕا لەسەر بوونی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەبان و بڵاوکراوەو نامیلکەو هەر جۆرە چالاکییەکی دیکەی ڕۆشنبیری و هونەری و فەرهەنگی.ی بنوێنی. هەروەها لق دەتوانێ لە چوارچێوەی بیروباوەڕو ڕێبازی ڕێکخراودا بەشداری هەموو جۆرە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری‌وهونەری و فەرهەنگی ی نێوکۆیی لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵەکانی دیکەی کوردی‌بکا.-. ، دەست لەهیچ هاوکاری و هاریکاریەکی دڵسۆزانەی کوردی نەگێڕێتەوەو چاکترین پەیوەندی لەگەڵ کەس و دەزگا ڕۆشنبیری و فەرهەنگیی و کولتوری یە کوردییەکان و بێگانەدا بکات .

ب – ئەرکەکانی لق:

١- لق لەسەریەتی دەقاو دەق ڕەنگ بەبیروباوەڕو سیاسەت و ڕێبازی ڕێکخراو بداتەوەو بەرنامەی چەسپاوی پێڕەو بکات.

٢- لق لە سەریەتی ڕیزەکانی ڕێکخستن پتەو بکات و ڕێکخستنەکە لە هەموو بەرەڵایی و سەرەڕۆی یەک بپارێزێ.

٣- لق لەسەریەتی بە توندی بەر بە هەموو لادانێک لە هێڵی دیاری کراو دەرچوونێک بگرێت.

٤- لق لەسەریەتی چێترین و توندو تۆڵ ترین پەیوەندی هاوبیرانە لەنێو هاوبیران دا بچەسپێنێ و ڕێ بە سەرهەڵدانی هیچ جۆرە ناکۆکییەک نەدات.

٥- لق لەسەریەتی ئاگاداری ئەوە بێت کە هیچ خواست و ویست و ڕایەکی شەخسی و تایبەتی پێچەوانەو بەرەوازی بیروباوەڕو ڕێبازی ڕێکخراو، تاکە تاکەو یا بە کۆمەڵی کەس پێ دزکێ پێ نەکرێت بۆ نێو ڕیزەکانی ڕێکخستن و لە پەیوەندی سیاسی دا ڕەنگ نەداتەوە.

٦- لق لەسەریەتی بە توندی سزای بەرەڵاو گێرە شێوێن و ڕیز تێکدەران بدات و دەماو دەست کۆمیتەی بەڕێوە - بەرایەتی گشتی لێ ئاگادار بکات.

٧- دەبێ بە لانی کەمەوە هەموو مانگێ ڕاپۆرتێک بەسەرجەم چالاکییەکان و باری نێو خۆ و کاروباری ڕێکخستن و چی هەیە بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرز بکاتەوەو فرمانەکانی کۆمیتەش بە زوویی بە هەموو هاوبیران بگەیەنێ.

٨- دەبێ بەرنامەیەک بۆ ڕاپەڕاندنی کارو ئەرک و چالاکی

بەکانی دابنێ و بەرزی بکاتەوە بۆ کۆمیتەی بەڕێوە-
بەرایەتی گشتی بۆ ڕالەسەرداں و بڕیاردانی.

٩- لق بەر پرسیارە لەبەردەم کۆنگریس و کۆنفراس و کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرامبەر سەرجەم ئەرکەکانی.

## ج- ماف و دەسەڵاتی لق:

١- ئەندامانی لق بەتاکە تاکە، یا بە کۆمەڵ مافی هەر پێشنیارو داواکاریەکیان هەیە، ئەو پێشنیارو داوا کاریانەی پاش ڕا لەسەر بوون و بڕیاردانی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەخرێتە کار.

٢- لق مافی ئەوەی هەیە ڕا لەسەر هەر هاوبیرێ بدات و پێشنیاری هەر کەسێ بۆ ئەندامێتی ی پشتگیری بکات یا بداتە دواوەو داواکەی بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرز بکاتەوە.

٣- لق مافی ئەوەی هەیە کەبە پێ ی پێرەوی بێو خۆ هەر هاوبیرێ، جگە لە ئەندامانی لق خۆی، سزا بدات، یا هەڵپەسێرێو پێشنیار بکات بو کومینەی بەڕێوەبەرا-
یەتی گشتی کە ڕا لەسەر بڕیارەکەی بدات و بیچەسپێنێ.

٤- لق دەستنیشانی هاوبیران دەکات بۆ کۆنفراس و کۆنگرەی ڕێکخراو.

## ٦- کۆنگرەی گشتی ڕێکخراو:

أ- کۆنگرە گەورەترین دەسەڵاتە لە ڕێکخراودا، هەموو ئەندامان بەرپرسیارن لەبەردەم دەسەڵات دارێتی کۆنگرەدا.

ب- کۆنگرەی گشتی ڕێکخراو هەموو ساڵێک جارێک دەبەسترێ

بەمەرجێ بارو دۆخی ڕێکخراو پێش چاو بگیرێت .

ج - کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێش بەستنی کۆنگرە بە ماوەیەکی باش ، پێویستە هەموو لقەکان لە کات و شوێنی کۆنگرە ئاگادار بکات .

د - هەموو ئەندامێکی ڕێکخراو مافی بەشدار بوونی لە کۆنگرەی گشتی دا هەیە ، هەروەها مافی تەواوی هەیە کە پرسیار بکات و ڕەخنە بگرێت و لە دەمەتەقێ دا بەشداری ی ووتوویز بکات و داوای لێ پرسینەوەی ئەندامان بکات سەبارەت بەو کارانەی یا هەلانەی کە کردوویانە ، بێ سڵ کردنەوەو بەو پەڕی ئازادیەوە.

هـ - مافی بەشدار بوون لە کۆبونەوە تایبەتیەکانی کۆنگرەی گشتی دا تەنیا هی ئەندامان و دۆستانی نزیکی ڕێکخراومانە کە لە لایەن لقەکانەوە پالێشت دەکرێن، بەلام مافی دەمەتەقێیان نابێ.

٧- دەرامەتی ڕێکخراو:

أ - دەرامەتی ڕێکخراو لەم سەرچاوانەی خوارەوە هەلدەهێنجرێت .

١- ئابوونەی مانگانەی ئەندامان.

٢- باربووی خۆ ویستی ئەندامان.

٣- باربووی دۆستانی ڕێکخراو و لە کوردو بێگانە .

٤- دەستکەوتەکانی ڕێکخراو و لە چالاکیەکانی و ئەو چاپەمەنیانەی دەری دەکات .

ب - وەرگرتنی یارمەتی: ڕێکخراو یارمەتی هەموو لایەکی خێرخوازو مرۆڤ ویست و کورد دۆست بێ جیاوازیو بە خۆشیەوە پەسەند دەکات ، بە جۆرێک ئەو یارمەتیانە

هیچ مەرج و پابەندبەکیان لەگەڵ نەبێت ، بەلام هەر پارمەتیەک بێتە هۆی ئەوەی ڕێکخراو بکاتە پاشکۆی لایەکی تایبەتی یا ڕێ ڕەوی ڕێکخراو لە ئامانجە بنەڕەتیەکانی دوور بخاتەوە ، دەدرێتە دواوە ، ئیدی بەبێ گوێ دانە چەبدایەتی ئەو یارمەتیەو ئەو لایەی پێشکەشی دەکات .

## ٨- ڕێکخراو و ئەو وڵاتانەی کاریان تێدا دەکات :

لەسەر ئەندامانی ڕێکخراو پێویستە ڕیزی دەستورو بەرنەو باساکانی ئەو وڵاتانە بگرن کە تێی دا دەژین، ڕێکخراو بە هیچ جۆرێک دەست ناخاتە کاروباری ناو خۆیی و تایبەتی ئەو وڵاتانەوە .

## ٩- ڕێکخراو و ئەو کوردانەی ئەوروپا کە خوێندکار نین:

هەموو کوردێکی دانیشتووی ئەوروپا لەوانەی خوێندنی خۆیان تەواو کردووە یاخود ئەوانەی ناخوێنن و کاردەکەن مافی ئەوەیان هەیە ببنە ئەندامی ڕێکخراو بەمەرجێ باوەڕیان بە ئامانجەکانی ڕێکخراو هەبێت و بۆی تێبکۆشن.

مەسەلەی نەتەوایەتی کورد مەسەلەیەکی تایبەتی و سەربەخۆیەو خصوصیاتی خۆی هەیە، کوردستان بە هەموو مانای ووشە مستەعمەرەیەکی داگیرکراوە ئەکەر چی شێوە مستەعمەرەیەکی تایبەتیش بێت. ئەم خەصلەتی دوولایەنەی لە سەرێکەوە مستەعمەرەیەو لە سەرێکی دیکەوە بەستراوە بەو کیانە سیاسیانەوە هۆی ئالۆزی کێشەی نەتەوایەتی کوردو پێچەل پێچۆوکی خەباتەکەیەتی، بام لە زۆر جەمسەرو لایەنەوە بە تایبەتی و بە حوکمی ئەوەی دروشمەکانی کوردایەتی تا ئیمرۆ لە داواکاری یە نەتەوایەتیەکان لە سنوری عێراقی تێنەپەڕیون وا بە دیاریشە پێ ی دەوێ زەمینەی سەربەخۆبوون و یەکجارەکی مەوزوعی و زاتی بۆ خۆش کرێ و تا بەتەواوی سەرو سەکوت و سیمای تایبەتێتی ( موطلەق) بگرێتە خۆی ... بەڵام هەر دەبێت ئەوە ڕەچاو بکرێت کە ئەم تاوو توو هەڵسەنگاندن و شی کردنەوانە دەبێت لە سوودو بەرژەوەندی ڕووت و بێ فێڵی کو.ِدەوەو لە کڵاو ڕۆژنەی قازانج و سەر خستن و سەرکەوتنی مەسەلەی نەتەوایەتیەکەمانەوە، لەبەر ڕۆشنایی بیرو باوەڕی کوردایەتیەوە سەرنج درێن و مامەڵەیان لەگەڵدا کرێن.